


# بە فەرمی ئەدرێسی ئینتەرنێت بە زمانی عەرەبی و روسی دەکرێنەوە

لە هەنگاوێکــــی نوێدا کۆمپانیای بەرپرسی ناو و ئەدرێسی ئەنتتەرنێتی (ICANN) رایگەیاند کە وڵاتانی میسر و سعودیە و ئیمارات و هەروەها روسیا و ئەو وڵاتانەی بە پیتی روسی دەخوێنن، لەمرۆوە دەتوانن بۆ ناونانی ئەدرێسە ئینتەرنێتییەکانیان بە زمانی عەرەبی یان روسی هەنگاو بنێن.

کۆمپانیای "ئەیکۆن" لە کۆبوونەوەی ساڵانەی خۆیدا گەلاڵەی سوود وەرگرتن لە پیتی غەیرە لاتین لە ئەدرێسی ئینتەرنێتیدا پەسەند کرد.

بە کردنەوەی ئەدرێسی ئینتەرنێتی بە زمانـــی عەرەبی، زمانی کوردیش راستەوخۆ پشتیوانی لێدەکرێت، چونکە پیتی ئەلف و بێی نووســینی کوردی عەرەبییـــە، جگە لە چەنـــد پیتێکی تایبەتی نەبێت.

# پرینتەری سێ رەهەندی هاتە بەرهەم



پرینتـــەر، ئـــەو ئامێرەیە کە راســـتەوخۆ داتاکانی ســـەر کۆمپیوتەر دەگوزاێتەوە سەر کاغـــەز و چاپی دەکات، پرێنتەرەکان هەتاکو ئێستا دوو جۆریان هەیە. DeskJet واتە ئـــەو پرینتەرەی کە بە بەپێـــی دانانی خاڵ داتاکان دێنێتە سەر کاغەز، کە سیستەمێکی لەسەرخۆیە، کارکردەکەی ئەوەندە خێرا نییە. هەروەهـــا پرینتەری جۆری laser jet کە ئەویان هەم خێرایە و هەم کاردانەوەشـــی زۆر لەسەرێیە.

لـــەم دواییانـــەدا کۆمپانیـــای HP کە گەورەتریـــن کۆمپانیـــای بەرهەمهێنـــەری پرینتەرە، لەگەڵ کۆمپانیای Staratasys پرینتەری سێ رەهەندیان هێناوەتە بەرهەم.

پرینتـــەری ســـێ رەهەنـــدی تایبەتە بە کۆمپانیـــاکان و هەروەهـــا ئەندازیارانـــی دیزاینەری بیناو پرد و ئامێرە پلاستیکییەکان و ...هتد. بۆ نموونە ئەگەر ئەندازیارییەکی بیناســـازی، بیهەوێـــت دیزاینەکەی خۆی بە پرینتەری ســـێ رەهەندی چاپ بکات، پرینتەرەکە لەبری کاغەز، تەواو "مەنکەن"ی خانووەکەی بۆ بەرهەم دێنێت.

# ئامێرێک تایبەت بە نیشاندانی وێنە ڤیدیۆییە HDیەکان

PMP ئامێرێکە کە لەریزی ئامێرەکانی MP3 و MP4 دایـــە، بەڵام تواناکانی لـــەو دوو ئامێـــرە زیاترن، لـــەو ئامێرەدا کاتێك فیلمە ڤیدیۆییەکان هەڵدەگری زۆر بەئاسانی دەتوانی لەسەر شاشەی TV بە کوالیتییەکی بەرزەوە ســـەیریان بکەی. ئەو PMPەی کـــە لەوێنەکەدا دیـــارە توانای نیشـــاندانی فیلمی ڤیدیۆیی لە ئاســـتی HD دا هەیە. زۆربەی فۆرماتەکانی فیلم دەخوێنێتـــەوە. وەك: RMVB ،RM، MPG، FLV، MKV، MPEG، MPE، VOB...هتـــد. هەموو جۆرە فایلێکی دەنگیش دەخوێنێتەوە. شاشـــەی ئەو ئامێرە تەواو لەمسییە. شایانی ئاماژە پێدانە قـــەوارەی داکردنـــی فایلەکان لەو ئامێرەدا 32 گیگابایتە.







## فلاش میمۆرییەک کە لە شێوەی گلۆپ دەچێت

فلاش میمۆری بۆ هەڵگرتنی داتا کەسییەکان، باشترین ئامێرە. چونکە بە بەراورد بە CD و DVD هەم قەوارەکەی بچوکە و هەم تێکچوونیشی کەمە. قەوارەی داکردنی داتاکان لە فلاش میمۆریدا بەستراوەتەوە بە فلاش میمۆرییەکە، هەروەها ڕێژەی دابەزاندن و خستنەسەری داتاش هەر بە فلاشەوە پەیوەندی هەیە. ئەو فلاشەی کە لە وێنەکەدا دیارە بەرهەمی کۆمپانیای Green house کە قەوارەکەی دوو گیگایە، بەڵام خێراییەکەی 480 میگایە لە چرکەیەکدا. بە دانانی فلاشەکە لەسەر کۆمپیوتەر، گڵۆپەکە هەڵدەبێت و لەو کاتەی کە پڕ بوو ئیدی فلاشەکە بەتەواوی دادەگیرسێت.

## پرۆگرامی Stellar Phoenix Windows Data Recovery فایلە سڕاوەکان دەدۆزێتەوە

سڕینەوەی زانیاری لەسەر سیستەمەکان یەکێکە لەو گرفتە سەرەکییانەی کە بۆ زۆر کەس دێتە پێش، لەکاتی سڕینەوەی زانیاری لەسەر کۆمپیوتەر جا ئەو زانیارییە دەقێکی نووسین بێت، یان فایلێکی ڤیدیۆیی یان وێنەیەك، گرفتی گەورە دەخوڵقێنێت. بۆ نموونە ئەگەر زانیارییەکانی تایبەت بە کۆمپانیایەك لەسەر سیستەم بسڕێنەوە، ئەوکاتە کۆمپانیاکە تووشی زیانێکی قەرەبوو نەکراو دێت. بۆ گەڕاندنەوەی فایلە سڕاوەکان زۆر پرۆگرام هەن کە هەرکام توانای تایبەت بەخۆیان هەیە. پرۆگرمی Stellar Phoenix Windows Data Recovery یەکێکە لەو پرۆگرامانە، بەڵام تواناکانی زیاترن لە پرۆگرامە هاوشێوەکانی. پرۆگرامی ناوبراو سەرەڕای گەڕاندنەوەی فایلەکان، دەکرێ پارتیشنە سڕاوەکانیش بگەڕێنێتەوە. هەروەها دەتوانی زانیاری سەر فلاش میمۆرییەکان، میمۆری کامێرا و مۆبایل و هتد، بگەڕێنێتەوە. تایبەتمەندییەکی دیکەی ئەو پرۆگرامە ئەوەیە کە دەتوانی لە کۆمپیوتەرێك کە هاردەکەی تێکچوو بێت، فایلەکان بگوازێتەوە.




## چ بکرێ بۆ تێک نەچوونی DVD لەکاتی کۆپی کردندا

زۆر جار کە نیازمانە DVDیەك کۆپی بکەین، دوای تەواو بوونی کۆپییەکە دەبینین، DVDیەکە سووتاوە و هیچ زانیارییەك نەچۆتە سەری یان ئەگەر چوویێشت بە ناتەواوی چووە. بۆ بەرگری کردن لەو حاڵەتانە پێویستە ئەو هەنگاوانە بگرنە بەر.



- لەکاتی کۆپی کردندا، هێڵی ئینتەرنێت ئەکتیڤ نەبێت.
- بەر لەخستنە سەری DVD یان CD خاوێنی بکەنەوە، چونکە زۆرجار دەبینین بەهۆی پیسبوونی پەنجەکانمان ئەوانیش پیس دەبن.
- بۆ خاوێن کردنەوەی CDیەکان لە پارچەی تایبەت بە خاوێنکردنەوەی شاشەی کۆمپیوتەر سوود وەربگرە.
- بەر لە کۆپی کردن بە ماجیك لەسەری مەنووسە.
- لەکاتی کۆپی کردندا کۆمپیوتەرەکە، یان لاپتۆپەکە لە شوێنی خۆی مەجوڵێنە.
- ئەگەر بکرێ بە کوردی یان بە عەرەبی ناوی فایلەکان، یان ئەو فۆلدەرەی فایلەکانی تێدایە مەنووسن.
- دەبێ ئەو فایلەی کە دەیخەیە سەر CD یان DVD کەمتر بێت لە قەوارەی CD یان DVDیەکە.




## خێراترین هاردیسکی لاوەکی

کۆمپانیای Verbatim نوێترین هاردیسکی خۆی هێنایە بەرهەم، کە بە هاردیسکی Sure fire ناسراوە. ئەو هاردیسکە خێراییەکەی 5400 خول لە خولەکێك دایە. هەرچەند ئەو سیستەمەی لەسەر ئەم هاردیسکەیە زیاتر لەگەڵ سیستەمی ماکنتۆش دەگونجێت، بەڵام لەگەڵ سیستەمەکانی دیکەش گرفتێکی ئەو تۆی نییە، خێرایی گواستنەوەی داتاکان لەو هاردیسکەدا 800 میگا لە خولەکێك دایە. مادەی داپۆشەری ئەو هاردیسکە، ئەلەمینۆمە، لە بەرامبەر کەوتنە خوارەوەدا، زۆر خۆڕاگرە. قەوارەی داکردنی داتاکان لەو هاردیسکەدا 500 گیگابایتە.